# ئیسلامی سیاسی لە بەردەم پرسیارەکانی رۆژگاردا

## د. موسەنا ئەمین " لە ئیسلامدا کەس سێبەری خودا نییە و ئیسلامی بوونیش پاساوی چوونە دەسەڵات بە هیچ کەس و گروپێک نابەخشێت "

دیداری لڤین

**ئیسلامی سیاسی یەکێکە لە دیارترین دیاردەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و کاریگەری گەورەشی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکانی ناوچەکە هەبووە، لەمڕۆدا کە ئیسلامی سیاسی وەکو هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرکەوتە و دەرهاویشتەکانی لە هەمووکات زیاتر دەبینرێت جێگای خۆیەتی ڕووبەڕووی کۆمەڵێك پرسیاری جەوهەری بکرێتەوە لەسەر ماهییەتی پرۆژەی ئیسلامی سیاسی و ئامانج و تێڕوانینیان بۆ ئاین و سیاسەت و کۆمەڵگە و کوفر و ئیسلام لەم ڕوانگەیەوە لڤین ئەم چاوپێکەوتنەی بەگرنگ زانی لەگەڵ بەڕێز (د. موسەنا ئەمین) ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بەتایەتی کە بەڕێزیان جگە لەوەی لەناو یەکێك لە دیارترین باڵەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان لە ئاستی سەرکردایەتیدایە لە ڕووی باکگراوەندی زانستیشەوە بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفە و عەقیدە و ماستەری لە سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە.**

**لڤین: ئیسلامی سیاسی چۆن پێناسە دەکەن؟ ئایا دروست بون و سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی زەروزەتێکی واقیع بوە یان بەکارهێنانی ئیسلام بوە لەلایەن هێزێکی سیاسیەوە بۆ کایەی سیاسەت؟**

د. موسەنا: سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە چەمکی ئیسلامی سیاسی بۆ خۆی قسەی زۆری لەسەرە، چونکە وشەیەکی ڕەسەن نییە، ئەگەر وابێت ئیسلامی زۆرمان هەیە، ئیسلامی سیاسی، ئیسلامی ئابوری و کۆمەڵایەتی، ئیسلام هەر یەك ئیسلامە یەك جەوهەرو پرۆژەیە، بەلاّم لەبەر ئەوەی ئیسلام دینێکی گشتگیرە لەهەموو بوارەکاندا قسەی خۆی هەیە. لە بواری سیاسەتیشدا ئەتوانرێت سود لە ئیسلام وەربگیرێت وەکو چۆن لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابورییدا دەتوانرێت، وە بە بڕوای من ئەم وشەیە زیاتر وەکو تۆمەتێك بەکاردەهێنن وەکو دەمامك بۆ ئەوەی لە پشتییەوە مەرامێکی سیاسی بەڕێ بکات لە هەقیقەتیشدا ئەم شتە ڕاست نییە، چونکە (ڕابوونی ئیسلامی لە بنەمادا ئامانجێکی سیاسی نەبووە بەڵکو ئامانجەکەی بوژانەوەی ئیسلامی بوە)، بەلاّم ئێستا بواری کارکردنی ئەم ڕابونە گشتگیرە و بۆ هەموو بوارەکان گرنگیدانی تایبەتی هەیە لەوانەش



لە سیاسەتدا کوفر و ئیمان بوونی نییە

سیاسەت. ئەم زاراوەیە لەو ڕووەوە دروست نییە کە ئیسلام دەخاتە بوارێك لە بوارەکانی ژیان. واتە ئەمە وەسفێکی نادروستە بۆ بزوتنەوە ئیسلامییەکان، وە لەلایەکی دیکەوە شێواندنی ئەو ڕاستیەش کە وای بخاتە ڕوو سیاسەت لە ئیسلامدا نییەو ئەم بزوتنەوە ئیسلامیانە سیاسەتیان هێناوەتە ناو ئیسلامەوە بۆ ئەوەی کاری سیاسی پێ بەڕێ بکەن، لەبەر ئەوە پێناسەکردنی بزوتنەوە ئیسلامیەکان بەو جۆرە هەڵەیە وە ناساندنی ئیسلامیش بەو

شێوەیە دیسانەوە هەڵەیە، ئیسلام وەکو چۆن فەلسەفەیەکە بۆ لێکدانەوەی گەردون و ژیان و ئاین، وە دواڕۆژ فەلسەفەیەکە بۆ لێکدانەوەی باری کۆمەڵایەتی ئێستای ئینسان، فەلسەفەیەکە باس لە ئەخلاق دەکات باس لە دابونەریت دەکات باس لە عیبادەت و پەرستش دەکات بە هەموو پێکهاتەکانیەوە.

**لڤین: بە بڕوای ئێوە ئیسلام باسی زانستی سیاسەتی کردوە یان ئەخلاقی سیاسەت، لەم ڕووەوە تێڕوانینی ئیسلامییەکان چۆنە بۆ بابەتی سیاسەت لە ئیسلامدا.**

د. موسەنا: لە پەیوەندی نێوان ئیسلام و سیاسەتدا دەتوانرێت زۆر شت بوترێت، شتێك هەیە لەلای بزوتنەوە ئیسلامییەکان بۆ مەسەلەی تێکەڵکردنی ئیسلام و سیاسەت ڕێژەی ئەو تێکەڵکردنە ئاشکرایە ئیسلام هەندێکی نەگۆڕە و هەندێکی گۆڕاوە، تێکەڵکردنی بابەتە نەگۆڕەکانی ئیسلام لەگەڵ سیاسەت تەنها لە بواری بەهاکاندایە ئەوەی کە باس لە شوراو دادوەری و یەکسانی و ئازادی و فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگری لە خراپەو باشکردنی ژیانی خەڵك دەکات. ئەم بەهایانە لە ئیسلامدا هەیە. ئەمە ئەو بەهایانەیە کە لە ئیسلامدا نەگۆڕەو ئیسلام ژیانی سیاسی پێ ڕێکدەخات. بەڵام ئەو بەشەی کە گۆڕاوە ئەوە هەر سەردەمێك قسە خۆی هەیە وە ناکرێت ئیسلام قسەیان لێ بکات چونکە ئەوانە بە بەردەوامی دەگۆڕێن، لەبەر ئەمە ئیسلام لەڕووی سیاسییەوە سیستەمێکی دیاریکراوی نەهێناوە بە ئێمە بڵێت دەبێت پەیڕەوی لەم سیستەمە بکەن، بەڵکو تەنها بەهاکانی بۆ ئێمە دیاری کردوە کە دەبنە ڕێنماییکەر بۆ دارشتنەوەی جارێکی دیکەی سیستەمێکی گونجاو لەگەڵ ئەو قۆناغەی ژیانی مرۆڤدا لەبەر ئەوە هەر کەسێك بیەوێت موقەدەساتێك تێکەڵ بە شتێکی گۆڕاو بکات هەڵەیەکی مەنهەجی ئەنجامدەدات، چونکە سیاسەت لە ڕیزی بابەتە گۆڕاوەکاندایەو کاری مرۆڤە لەبەرئەوەی سیاسەت بۆ خۆی زانستەو زانستیش کاری مرۆڤە و هەمیشە لە گۆڕاندایە کە ئەمیش دابەش دەبێتە سەر فیکرو بیردۆزە سیاسییەکان نەك بیردۆزەیەکی سیاسی بە تەنها چونکە تەنها یەك بیردۆزی سیاسی و یەك فیکری سیاسی نییە.

**لڤین :کەواتە بەڕای ئێوە ئەوانەی باس لە سیستمی ئیسلامی دەکەن لە بەرامبەر سیستمی دیموکراتی و سیستمەکانی تردا بەهەڵەدا چون؟**

د.موسەنا: ئەوە هەڵەیەکی مەنهەجییە، خوێندنەوەیەکی نادروستە بۆ ئیسلام، لە ڕاستییدا ئەوە گەورەکردنی دیموکراسی و بچوککردنەوەی ئیسلامە. چونکە ئیسلام دینە سیستمێکی سیاسی نییە. دیموکراسی تەنها شێوازێکە لە شێوازەکانی هەڵبژاردن و بەڕێوەبردن.

وەکو بەشداری سیاسی و یەکسانی و ئازادی و سپاردنی دەسەڵات بە خەڵکی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، ئیسلام ئەم بەهایانەی دیموکراتی قبوڵەو هیچ دژایەتییەکی نییە لەگەڵ ئەم پرەنسیپە دیموکراتیانەدا، هەربۆیە دەتوانین بڵێین ئەم پرەنسیپە دیموکراتییانە لە هەمانکاتدا پرەنسیپی ئیسلامیشن بەو مانایەی کە هیچ دژایەتییەکیان نییە لەگەڵ ئیسلام، دەبێت جیاوازی لە نێوان دوو شتدا بکەین شتێك کە ئیسلامییەو سەرچاوە لە ئیسلامەوە دەگرێت دوەمیان شتێك کە ئیسلامی نییە بەڵام دەگونجێت لەگەڵ ئیسلام. دیموکراسیەت وەکو سیستمێکی جێبەجێکراو هەندێ بنەمای لە مێژووی ئیسلامیدا هەیە هەندێ بنەماشی تازە و نوێیە، دیموکراسی چ ئەو بەشەی کە لە مێژوی ئیسلامییدا نمونەی هەبوەو چ ئەو بەشەی کە تازەیە هیچ دژایەتیەکیان لەگەڵ ئیسلامدا نییە. لەبەر ئەوە جارێکی دیکە جەختی لەسەر دەکەمەوە (دانانی ئیسلام لەبەرامبەر دیموکراسیدا بچوککردنەوەی ئیسلامە)، بەڵام هەڵوێست لە دیموکراسیەت چییە؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە کە دەشێت لە فیکری ئیسلامی بکەین، کە بەڕای من ئەوەی پێشتر باسمان کرد وەڵامەکەیەتی.

**لڤین: بەڵام هەندێ ئایەت لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوە دەکەن کە دەبێت دەسەڵات تەنها بۆ خودا بێت، بونی ئەم ئایەتانە شەریعەتێك نادات بەو بزوتنەوە ئیسلامییانە کە بانگەشەی جۆرێك لە سیستەم بکەن بە ناوی سیستەمی خودایی یان سیستەمی ئیسلامییەوە؟**

د. موسەنا: حوکم هەر دەبێت بۆ خوا بێت، ئەوە باس لە سیاسەت و فەرمانڕەوایی نییە لە ئیسلامدا کەسێك نییە سێبەری خوا بێت لەسەر زەوی وە هیچ وەختێك ئیسلامیبوونی من پاساوی ئەوەم پێنادات ببمە فەرمانڕەوا تەنها لەبەر ئەوەی ئیسلامم چونکە سیاسەت مانای بەڕێوەبردنی ژیانە. لە بەڕێوەبردنی ژیاندا باشترین کەس ئەو مافەی هەیە، ئەم متمانەیەش دەبێت لەلایەن خەڵکەوە بێت کە کێ باشترین کەسە بۆ بەڕێوەبردن، لەبەر ئەوە تەوزیفکردنی ئەو ئایەتانە بەو شێوەیەی کەوا بزانیت لەگەڵ خودادا ئەبێتە یەك یان سێبەری ئەو، هەڵەیەکە لەمڕۆدا هەندێ حیزبی ئیسلامی توندڕەو و هەندێ حیزبی عەلمانی توندڕەو تێیکەوتون کە تێکەڵکردنی سیاسەتە لەگەڵ موقەدەس، سیاسەت و موقەدەس چۆن تێکەڵ ناکرێت؟ بەوەی کە لە سیاسەتدا موقەدەس بەو جۆرە نییە کە تۆ ببیت بەو شتە موقەدەسە، بە نمونە تۆ ناتوانیت بڵێیت بەو شتە تەعبیر لە ئیسلام یان خودا یان نەتەوە دەکەم کە ئەمانە لە ڕیزی موقەدەساتن. ئەمە

دەردێکە لەناو ئیسلامی و عەلمانیەکاندا دەبینرێت، تەنانەت زۆر جار عەلمانیەکان باس لە تێکەڵکردنی موقەدەس دەکەن لەلای ئیسلامیەکان کەچی لەو لاوە خۆیان موقەدەسی نەتەوەیی تێکەڵ بە سیاسەت دەکەن، واتە لە ڕووکەشدا دژایەتی شتێکیان کردوە کە لە جەوهەردا لە خۆیاندا هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان وایە مەسەلەی کوفر و ئیمان لە سیاسەتدا نییە لەناو سیاسەتدا دروست و ناردوست هەیە، موخالەفەو موازەنە هەیە، لە ئیسلامدا ئەوە نییە لەبەر ئەوەی تۆ ئیمانداری ئیتر دەبێت تۆ حاکم بیت و ئەوەی ئیماندار نییە بۆی نییە ببێتە حاکم، ئەمە بەڕێوەبردنی ژیانی سیاسی خەڵکە، کێ باشتر دەتوانێت ئەو کارە بکات ئەوە مافی ئەوەی هەیە فەرمانڕەوا بێت. ئیتر حیزبە سیاسیەکەی من خواو پێغەمبەر نییە نەتوانرێت ڕەخنەی لێبگیرێت ڕەتبکرێتەوەو نوێکاری تێدا بکرێت، بەرامبەرەکەشم بە هەمان شێوە کوفر نییە هەر بەرنامەیەکی هەبێت ئەمە مەسەلەی پرۆژەی سیاسییە، پرۆژەی سیاسی کاممان باشتر بێت کۆمەڵگا ئەوەیان وەردەگرێت. لەبەر ئەوە تێکەڵکردنی بابەتی کوفر و ئیمان و نەتەوە و خیانەت بۆچوونێکی تەسکە نە لە سیاسەتدا جێی دەبێتەوە نە لە دین.

**لڤین: لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا کە ئیسلام یەکێکە لە گەورەترین هێزەکان لەناو کۆمەڵگاداو تەنانەت حیزبە عەلمانیەکانیش پەنای بۆ دەبەن چ زەمانەتێك هەیە کە ئەو حیزبە ئیسلامیانە، ئیسلام تەنها وەسیلەیەك نییە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات ؟**

د. موسەنا: زەمانەت تەنها ئەوەیە کە ئەو حیزبە ئیسلامیانە فیکری سیاسیان ڕون بێت بزانن خۆیان چۆن پێناسە دەکەن؟ سیاسەت چۆن بینا دەکەن؟ پرۆژەشیان بۆ دەسەڵات چییە؟ ئەگەر ئەم سێ پرسیارە بە ڕوونی وەڵام بدەنەوە ئەو کاتە دەبنە پرۆژەیەکی سیاسی وەکو هەر پرۆژەیەکی سیاسی لە وڵاتدا و گریمانی سەرکەوتن و سەر نەکەوتن و ڕەخنەگرتن لێی هەیە. ئەبێت ئەو حیزبانە بەو جۆرە خۆیان پێناسە بکەن کە ئەزمونێکی مرۆییە مرۆڤ دایناوەو موقەدەس نییە وە ڕەخنەلێگرتنی دروست و ڕەوایە. وە دەبێت خەڵك شەرعیەتی چوونە دەسەڵاتیان بداتێ وە هەر وەختێك خەڵك ئەو شەرعیەتەی لێسەندەوە وازی لێبێنن. چونکە لە ئیسلامدا دەسەڵات هی خەڵکە بەڵام (سیادە) هی خوایە. دەسەڵات و بەڕێوەبردن کاری خەڵکییەو مافی خۆیانە چۆن بەکاری دەهێنن.

هەروەها دەبێت ئەو حیزبانە پرۆژەی دەسەڵاتیشیان دیاربێت، بزانن چ بەڵێنێك بە خەڵکی دەدەن؟ بزوتنەوە ئیسلامیەکان نابێت بڵێن ئێمە بە شەرعیەتی ئیسلام دەچینە سەر حوکم، ئەگەر واشیان وتبێت ئەوا بە هەڵەدا چوون، ئەگەر حیزبێکی ئیسلامی ئەم بۆچونەی هەبێت ئێمە بە توندڕەوی دەزانین، چونکە بە شەرعیەتی ئیسلامی تۆ ناچیتە سەر حوکم بەڵکو بە شەرعیەتی پرۆژەکانت بۆ خەڵکی دەچیتە سەر حوکم. دەبێت ئەو ڕاستیە بزانرێت کە حیزب دین نییە، حیزب کۆمەڵێك کەسە خۆیان ڕێکخستوە بۆ مەرامێکی سیاسی یاخود بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێك کە ئەمە شتێکی قبوڵکراوە بە مەرجێك خۆیان بە بەدیل یان نوێنەری دین نەزانن.

**لڤین: دەشێت بوترێت ئیسلامی سیاسی پرۆژەیە؟ ئەگەر پرۆژەیە لە بەرامبەر چیدا وەستاوەو ئامانجی چییە وە ئەو جیاوازیەی کە تیایدایە تا چەند لە خزمەت یان لەدژی پرۆژەی بوونەکەیەتی ؟**

د. موسەنا: ئەو جیاوازیەی کە هەیە لە نێوان بزوتنەوە ئیسلامیەکاندا بەڵگەیەکی ترە کە ناتوانرێت ئەم شتەی کە هەیە بە غەیری پرۆژە ناو بنرێت، کە پرۆژەیەکە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگاو پرۆژەیەکە بۆ دەسەڵات.

پرۆژەی ئیسلامی پرۆژەیەکە لە بەرامبەر ئەو پرۆژانەی کە مەرجەعیەتێکی تری نا ئیسلامیان هەیە، بەڵام ئەمە مانەی ئەوە نییە کە لە هیچ شتێکدا لەگەڵ ئەوان ناگرێتەوە، بیری ناسیۆنالیزم لە هەندێ حاڵەتیدا لەگەڵ بیری ئیسلامی یەکدەگرنەوە. سەرکەوتنی هەر بزوتنەوەیەکی ئیسلامی لەوەدایە کە ئەو بەهایانە لە کۆمەڵگادا جێگیر بکات کە بنەڕەتێکی ئیسلامیان هەیەو بەهۆیەوە بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی دەکات، سەرکەوتنەکەی تەنها بەوە نییە کە خۆی بچێتە دەسەڵات، ئەمە گرنگ نییە، ئەوە گرنگە تا چەند دەتوانێت گۆڕانکاری بکات چونکە زۆر جار چوونە سەر دەسەڵات خۆی ئەبێتە هۆی فەشەلێك بۆ خۆیشی و پرۆژەکەی کە ڕەنگە نەتوانێت لە تاقی کردنەوەو چاودێری خەڵکدا دەربچێت، ڕەنگە کارێك بکات ببێتە هۆی بەدبین بونی لە مەرجەعیەتی پرۆژەکەشی، ئێستا هەندێ نمونەی ئیسلامیمان هەیە لە هەندێ دەوڵەتاندا ئەتوانین بڵێین تا ڕادەیەك ئەو کارەیان لێ وەشاوەتەوە خەڵکێکییان بەد بین کردوە کەوا بیربکاتەوە.

لەبەر ئەوە ئێمە نابێت هەرگیز بە تەمای ئەوە بین کە تەنها بە پرۆژەیەکی سیاسی بزوتنەوە ئیسلامییەکان دەتوانن کۆمەڵگا بگۆڕن، ئەگەر ئەو پرۆژەیە گشتگیر نەبێت سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە.

**لڤین: من پرسیارێك دەکەم لەسەر ئەو بیرکردنەوە ئیسلامیەی کە لەیەك کاتدا لەگەڵ ئیسلام و دیموکراسیەت و ناسیۆنالیزم و سەرمایەداری و**

**سۆسیالیزمدا دەگونجێت، هەست ناکەیت لەمەدا تێکەڵەییەك و فەوزایەك هەبێت؟ یاخود مەسەلەکە تەوزیفکردنی ئایدۆلۆژی ئەم چەمکانەیە؟**

د. موسەنا: نەخێر ئەو بۆچونە هەڵەیە، چونکە شارستانیەتی ئیسلامی هەمیشە کراوە بوە بەسەر هەموشتێکی بەسود بەسەر هەموو بیرێکی ڕەسەن و باش، لەناو هەر میللەت و کۆمەڵ و شارستانیەتیەکدا بوبێت ئیسلام گرتویەتییە خۆی و نەفرەتی لێنەکردووە، بەڵکو داکۆکی لەسەر کردووە، کەواتە ئیسلام بۆ ئەوە نەهاتووە هەموو کەلتوری مرۆڤایەتی بسڕێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هاتووە جەخت لەسەر ئەو شتە باشانە بکات کە مرۆڤ هێناویەتییە کایە لە درێژایی مێژوودا، کە لە دینە ڕەسەنەکان ماوەتەوە، یاخود هەڵقولاوی فیکرەی کەسێکی دروستە، یان میکانیزمێکە بۆ جێبەجێکردنی بەهایەك کە ئیسلام داکۆکی لێدەکات، چونکە لە ئیسلامدا مەعریفەی مرۆڤ یەکێکە لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی مەعریفەی دینی، واتە سەرچاوەی مەعریفە لە ئیسلامدا تەنها ئەو سەرچاوەیە نییە کە لە ئیسلامەوە وەردەگیرێت، بەڵکو عەقڵی مرۆڤ و تەجروبەی مرۆڤیش چ موسڵمان بێت یان نا، سەرچاوەیەکە بۆ مەعریفەی مرۆڤ و سەرچاوەیەکە بۆ ڕاڤەی دینیش. ئەوانە هەموو ئەچنە بازنەی ئەو شتانەی کە لەگەڵ ئیسلامدا دژ نین یاخود یەك دەگرنەوە مادامێك لەگەڵ ئیسلامدا کۆکن ئەوا بەلای ئێمەوە (الحكمه خاته المؤمن فأن وجدها هو احق بها) لەهەر کوێ شتێکی باش هەبێت ئەوا لەگەڵ ئیسلامدا کۆکەو پێویستە کەسی موسڵمان بەدوایدا بگەڕێت دواتر دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەر چاو بگرین کە سیاسەت بنەمایە، ئایدۆلۆژیایە، فیکرە، بیردۆزەیە، میکانیزم و زانستە، ئەوەی کە زانست و میکانیزمە ئەمانە هەمووی کاری مرۆڤن بەبەردەوامیش پێشیاندەخات، ئەوەی کە بیردۆزە و فیکرە ئەویش بەشێکی مرۆییە و بەشێکی پەیوەندی بە فیکرەو عەقیدەوە هەیە، ئابوری هەروەها بەشێکی بنەمای ئەخلاقییە، بەشێکی تری ئابوری رووتە پەیوەندی بە زانستی ئابورییەوە هەیە بۆ نمونە گەشەپێدانی ئابوری پەیوەندی بە زانستەوە هەیە نەك ئایدۆلۆجیا، لەبەر ئەوە ئەو کەسەی پێیوایە ئیسلام دەبێت تەنها لە چوارچێوەی ئەو چەند چەمك و زاراوەیە بسوڕێتەوە کەوا لە قورئان و سونەتدا هاتوە وە سود لە پێشکەوتنی عەقڵی مرۆڤ و داهێنانەکانی وەرنەگرێت ئەو کەسە نە لە ئیسلام گەیشتوە نە دەزانێت ڕەوتی شارستانیەت چۆن بەڕێوە دەچێت، ئەگینا بە درێژایی مێژوو ئیسلامی ڕەسەن هەمیشە لە دەوروبەر شتی وەرگرتوەو شتیشی بە دەوروبەر بەخشیوە. وە دەبێت ئەم کارلێك و دیالۆگە هەمیشە بەردەوام بێت.



**لڤین: ئەو جیاوازیەی کە دەبینرێت لە نێوان باڵە جیاوازەکانی ئیسلامی سیاسیدا کە هەویەکەیان شێوازێکی تێگەیشتنیان هەیە بۆ ئیسلام، لای هەندێك خاڵی ئیجابی و لەلای هەندێکیش خاڵی سلبییە، ئەوانەی کە بە سلبی دەزانن باس لەوە دەکەن کە ئەگەر دینێك یەك دەق بێت ئەم هەموو جیاوازیەی بزوتنەوە ئیسلامیەکان لە کوێوە دێت؟ بۆیە گومانی ئەوە دەکەن کە ئەو هێزانە بە پێی مەرامی خۆیان ئیسلام بەکار بهێنن؟**

د.موسەنا: دین ئەوەندە یەك دەقە تا لەلای خودایە، بە جیاوازی عەقڵەکانی مرۆڤ ، بە جیاوازی سەردەکەمان بە جیاوازی ئە بەڵگانەی کە ئێمە ڕاڤەی دەقێکی پێدەکەین بە جیاوازییکردنی هەموو ئەم شتانە پێکەوە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە جیاوازی دروستدەبێت لە دەقێکدا هەندێك لە دەقەکان جیاوازی تیایدا مومکین نییە ئەوەی کە پێی دەوترێت بنەمای نەگۆڕ لە ئیسلامدا، ناتوانرێت قسە لەسەر بوونی خواو تاك و تەنهایی خوا و ئافرەت و ڕاستێتی قورئان بکرێت چونکە ئەمانە کە پەیوەندییان بە چوارچێوەی عەقیدەو پەرستش و ئەخلاق و هەندێ لە حەڵاڵ و حەرامەوە هەیە کە ناتوانرێت لێی دەربچیت، ئەمانەی لێدەربکەیت هەرچی شتی تر هەیە لە ئیسلامدا شیاوی گۆڕانە، شیاوی ئەوەیە کە تۆ بە چاکی بزانیت من بە خراپی بزانم یان بە پێچەوانەوە، بەپێی جیاوازی باگراوندو تێگەیشتنمان لە یەکتری بەپێی جیاوازی ئەو شتانەی کە یەکێك بە مەصلەحەت و یەکێکی دیکە بە مەصلەحەتی نابینێت، هەموو ئەمانە بەدەر لەو نەگۆڕاوانەی باسمان کرد جیایە لە کەسێك بۆ کەسێك و لە کۆمەڵێك بۆ کۆمەڵێکی تر وە ئەم ئازادییەش ڕەوایەو دژ بە سروشتی مرۆڤ نییە، هەر ئەمەش وادەکات کە دژ بە سروشتی ئیسلامیش نەبێت.

لڤین: پێت وایە دەقە نەگۆڕاوەکان بواری فیقهی بگرێتەوە؟ لە کاتێکدا هەندێك پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە لە بواری فیقهدا دەقی نەگۆڕ نییە؟

د. موسەنا: حەرام و حەڵاڵ فیقهەو بەشێکی لە ڕیزی نەگۆڕەکاندایە، ناکرێت حیزبێکی ئیسلامی بێت بڵێت زیناو عارەق خواردن و سو خواردن حەڵاڵە.

**لڤین: بەڵام زانایان ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر ئەم بابەتە؟ مەرج نییە حەرام و حەڵاڵەکان لای هەموان وەکو یەکبن ؟**

د. موسەنا: ئەتوانین بڵێین هەندێك لە مەزهەبی ئیسلامی مەسافەی حەرام و حەڵاڵیان زیاتر کردووە زیاتر لەوەی خوا دیاری کردووە بە لێکدانەوەی خۆیان، هەندێکی تریش ئەم مەسافەیەیان تەسکتر

كردۆتـەوە، بـەڵام هـەردوولا لـە خـاڵێكی هاوبەشـدا دەگەنـە یـەك، بـەدەر لـەوە ئـەو بەشـەی كـە هاوبەشـە لـە نێوانیانـدا كـەمتر لەوە ناتوانین بڵێین كەمتر نییە لە ئیسلام. بـۆ نمونـە هـیچ مەزهـەبێك باسـی ئـەوەی نەكردووە كە عارەق حەرام نییە.

**لڤین: ئێمە باس لە حەلاڵ و حەرامی شتێكی دیاریكراو ناكەین، بەڵام بۆچی نەتوانین مەزهەب تێبپەڕێنین ئایا مەزهەب بۆ خۆی گرفتێك نییە لە بەردەم تێگەیشتن لە فیقهی ئیسلامیدا، بۆچی تەفسیری مرۆڤی موسڵمان بۆ حەرام و حەلاڵ لە دوای مەزهەبەوە بوەستێت؟**

د. موسەنا: نەخێر، ئەو شتە وانییە، ئەتوانین لە ئێستادا مەزهەبی تازەمان هەبێت بەڵام ناكرێت بناغە زانستییەكانی ڕاڤەكردنی ئیسلام پشتگوێ بخەین كە لە عەقڵی كەسێكی دیاری كراوەوە وەرنەگیراوە بەڵكو لە كۆی عەقڵی موسڵمانان و قورئان و فەرمودەوە وەرگیراوە، بەدەر لە زمانی عەرەبی، تۆ ناتوانیت ڕاڤەی دەق بكەیت، ئیسلام وەكو خۆی كۆمەڵێك نەگۆڕی هەیە كاتێك من بمەوێت لە دەقێك تێبگەم دەبێت لە چوارچێوەی گشتی ئەو دەقەدا تێبگەم نەك لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە، بۆ نمونە لە قانونی دەوڵییدا دەڵێت هەر هاوڵاتیەك دەتوانێت لەسەر بەندێك لە بەندەكانی یاسا كە تەحەفوزی هەبێت بەڵام نابێت لەسەر بەندێك لە بەندەكانی ئەم یاسایە بیكەیت كە لەگەڵ جەوهەری یاساكەدا دەگونجێت.

**لڤین: لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕەخنەی ئەوە ئاراستەی ئیسلامی سیاسی دەكرێت كە ئەوان ڕێگریێكی گەورەن لە بەردەم نوێبونەوەی ئایندا، یان خوێندنەوەیەكی تازەدا بۆ ئیسلام. بەوەی لە هەر جێگەیەك ڕایەكی نوێ دەركەوتبێت ئەوان بەناوی مەشروعیەت و لەژێر پاساوی ڕەسەنایەتیدا یەكەم كەس بوون كە دژایەتیان كردووە ؟**

د. موسەنا: چینێكی تایبەتی خەڵك هەیە بیرو بۆچونێكی خۆی هەیە دەیەوێت بە ناوی دینەوە بەڕێی بكات بۆ خەڵكی، گۆڕانێكی تایبەتی ئەوێت لە كۆمەڵگا بۆ ئەوەی كە ئەو گۆڕانكارییە تێپەڕێت ئەبێت ناوی دینی لێبنرێت بۆ ئەوەی كە خەڵكی قبوڵی بكات، هەر كەسێك بە عەقڵی واوە بێت ئیسلام بخوێنێتەوە، ئەوە ئیسلامی بەو شێوەیە دەوێت كە خۆی ئارەزووی دەكات نەك ئەوەی كە ئیسلام خۆی چۆنە، ئەمە عەقڵیەتێكی ئایدۆلۆژیانەیە لەگەڵ ئیسلام، ئیسلام دەبێت وەكو خۆی قبوڵ بكرێت نەك ببێت ڕەنگێك بە ئیسلام بدەی كە خۆت دەتەوێت.

لڤین: بەڵام هەروەكو خۆشت لە پێشەوە ئاماژەت پێدا ئیسلام بۆ خۆی یەك ڕەنگ نییە، ئیتر ئەو ترسە لە كوێوە سەرچاوە دەگرێت؟

د. موسەنا: نا یەك ڕەنگ نییە، بەڵام لە چوارچێوەیەكدا كە لە ڕەنگە سەرەكیەكان تێناپەڕێت، تۆ ئەتوانیت (١٠٠) ڕەنگ دروست بكەیت بەڵام بەبەكارهێنانی ڕەنگە سەرەكیەكان، نابێت بەدەر لەو ڕەنگە سەرەكیانە ڕەنگێكی دیكە تێكەڵ بكەیت، ناتوانیت ئیسلام هێندە كاڵ بكەیتەوە هەموو مانایەك ببەخشێت ئەبێت سنورێك هەبێت بۆ تۆخكردنەوە، ئەبێت سنورێك هەبێت بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن.

**لڤین: لێرەدا كێشەیەك هەیە ڕەنگە ئەوەی لای تۆ نەگۆڕبێت لای كەسێكی دیكە بچێتە چوارچێوەی گۆڕاوەكانەوە، بۆ نمونە كەسێكی وەكو د. نەصر حامد ئەبو زەید تەفسیرێكی مێژوویی دەكات بۆ دەق و باس لە بنەچە زەمانیەكەی نازڵ بونی دەق دەكات بەمەش سنوری نەگۆڕەكان زۆر كەم دەكاتەوە ؟**

د.موسەنا: ئەو سنوری نەگۆڕەكان كەم دەكاتەوە چونكە باوەڕی پێی نییە، ئەگەر بمانەوێت زانستی بین لەم مەسەلەیەدا دەبێت بزانین ئەو دەقانە كامانەن كە هەڵگری ڕەهەندی مێژوویین، بەڵام هەندێكی ئەوە هەڵناگرێت، گرفتەكە لەمەدایە هەندێك لێكدانەوە هەیە بۆ ئیسلام خوێندنەوەیەكی عەلمانیانەیە بۆ ئیسلام، ئەوەندە شێلگیرە هەتا ڕادەی بەزاندنی هەندێ سنور، هەندێكیش هەیە ئەوەندە توندڕەوە دووبارە سنور دەبەزێنێت لە لایەكی ترەوە، ئێمە ئەگەر میانەڕەوانە لە ئیسلام تێ بگەین ناكەوینە ئەو گرفتانەوە. دەبێت زانستێك بۆ جیاكردنەوەی دەقی مێژوویی لەگەڵ دەقی نامێژوویی ئەگینا هەزاران خوێندەوە دروستدەبێت لەسەر ئیسلام، ناكرێت دینێك هەبێت هیچ تام و بۆن و ڕەنگێكی نەبێت هەر كەسێك هات بە ئارەزوی خۆی تام و بۆن و ڕەنگی تێ بكات.

**لڤین: بەهۆی ترسانەوە لە خوێندنەوەی تازە بۆ دەق هەست ناكەیت بزوتنەوە ئیسلامییەكان لە ئاست كێشەی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگاكانی خۆیاندا نەبن؟**

د.موسەنا: پێچەوانەی ئەو شتە ڕاستە، خۆ مەشغولكردن لە هەندێك پەراوێزی هەندێك چەمكی ئیسلامی مانای ڕاكردنە لە چارەسەری واقیع، خوای گەورە دەفەرموێت (فمن شاء فالیؤمن ومن شاء فالیكفر) واتە ئیشەڵا دەبویتە كافر ، دەبیت بە هەرچی ، چ گرفتە بۆ من، ئێمە ترسمان لەمە نییە، ترسمان لە شێواندنی ئیسلام هەیە كە ئەوە ترسێكی ڕەوایە بەڵام ترس لەبیری ئازاد و كەسێكی دیاریكراو هیچ ترسمان نییە، هەر بیرێكی ئازاد ئامادە بێت ئەكادیمیانە گفتوگۆی مەسەلەكان بكات هیچ ترسی تێدا نییە.سەبارەت بە وەڵامی ئەو بەشەی پرسیارەكە كە ئایا بزوتنەوە ئیسلامیەكان لە ئاست كێشە كۆمەڵایەتیەكانی خۆیاندان ، مەرج نییە وەڵامی ئەو پرسیارە بە بەڵێ یان نەخێر بدرێتەوە چونكە هەندێك لە بزوتنەوە ئیسلامیەكان تاڕادەیەكی باش لە ئاست كێشەكانی كۆمەڵگاكەیاندان بەڵام كۆت و زنجیر كراوەتە پێیان قفڵ دراوە لە دەمیان ئازادی تەواویان نییە بۆ ئەوەی بچنە ژێر باری كێشەی كۆمەڵگاكانی خۆیان، هەروەها هەندێكی دیكەیان لە بواری دروشمەوە نەچوونەتە بواری پرۆژەوە ، واتە هێشتا لە قۆناغی دروشم بازیدان دووبارە بزوتنەوە ئیسلامییەكان جیا نیین لە كۆی تەواوی كۆمەڵگە لەم مەسەلەیەدا، ئەبێت ئەم خاڵە باش تێبگەین، واتە ئێمەش بەشێكین لەم كۆمەڵگەیە بە ناسیۆنالیزم و ئیسلامی و دیموكراتی بەشێكین لەم كلتور و كۆمەڵگەیە، ئەم كۆمەڵگەیە چ ئەندازەیەك عەقڵ سنوردار دەكات ئیسلامی بێت یان ناسیۆنالیزم یان دیموكراتی هەر سنورداری دەكات، واتە توندڕەویمان بەشێكی پەیوەندی بە پێكهاتەی كلتور و پەروەردەمانەوە هەیە مەرج نییە پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیاكەمانەوە هەبێت .